ئەعرەجی: عێراق ڕێگە نادات خاکەکەی ببێتە شوێنی دەستدرێژی بۆ سەر ئێران

ئەمڕۆ دووشەممە، قاسم ئەعرەجی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، دووپاتی کردەوە کە عێراق بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادات خاک یان ئاسمانی بۆ هێرشکردن لە ئێران یان هەر وڵاتێکی دراوسێ بەکار بهێنرێت.

ئەعرەجی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ عەلی لاریجانی، ئەمینداری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران، کە ئاژانسی موتڵەع بەدواداچوونی بۆ کرد، وتی: "عێراق بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نادات خاک یان ئاسمانی بۆ هێرشکردن لە ئێران یان هەر وڵاتێکی دراوسێ بەکار بهێنرێت"، و جەختی لەسەر "پابەندبوونی تەواوی بەغدا بە ڕێککەوتننامەی ئەمنی واژۆکراو لەگەڵ تاران" کردەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، کە "حکومەتی عێراق کار دەکات بۆ پتەوکردنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا و ڕێگریکردن لە هەر گرژی و ئاڵۆزییەک کە ڕەنگە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەرێمی دروست بکات".

ئاماژەی بەوەدا، کە "عێراق سکاڵایەکی فەرمی لە دژی قەوارەی زایۆنی بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پێشکەش کردووە"، و ڕوونیشی کردەوە، کە "سەرۆک وەزیران لە کاتی کۆبوونەوەی لوتکەی عەرەبی و لە دیدارەکانیدا لەگەڵ سەرکردەی وڵاتانی دیکەدا، دووبارە جەختی لەسەر هەڵوێستی بەغدا کردەوە کە ڕەتی دەکاتەوە هەر بەکارهێنانێکی ئاسمانی عێراق بۆ ئەنجامدانی هێرش بۆ سەر ئێران".

هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، "بەشداریکردنی عێراق لە لوتکەی شەرم ئەلشێخ بۆ ئامانجی وەستاندنی کەمەکوژییەکانی غەززە بوو، و ئەمڕۆ ناوچەکەمان بە سەختی لە دەستدرێژییە دووبارەکانی زایۆنییەکان دەناڵێنێت، و نابێت ڕێگە بدرێت بە پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی وەستاندنی تەقە لە غەززە".

ئەعڕەجی ڕوونیشی کردەوە، کە "عێراق دژی سەپاندنی هەر جۆرە سزایەکە بەسەر وڵاتانی دیکەدا"، و ئاماژەی بەوەشکرد ، "پێمان وایە کێشەکان پێویستە لە ڕێگەی گفتوگۆ و ڕێگەی دیپلۆماسییەوە چارەسەر بکرێن".

لە لای خۆیەوە، لاریجانی وتی: "زۆر خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ میوانداری برا ئەعڕەجی دەکەین، چونکە عێراق وڵاتێکی دەست و برای ئێمەیە، و ئەعڕەجی یەکێکە لە پێشەنگەکانی ئەم پەیوەندییانە".

لاریجانی ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەمڕۆ ژمارەیەک پرسی ئەمنی گرنگمان تاوتوێ کرد، و پێداچوونەوەمان بەو بابەتانەدا کرد کە لە کاتی سەردانەکەی پێشووم بۆ بەغدا خرایە ڕوو، بەڵام تەوەری سەرەکی گفتوگۆکان فراوانکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات بوو".